# Rock-Cut Tomb of Presa Village in the Barzan Region (Case Study: Rock-Cut Tomb Number Three of Presa Village)

Ardalan Osman Hasan[1], Saber hassan Hussein[2]
[1] Salahaddin-Erbil University, [2]Salahaddin University-College of Arts - Department of Archaeology

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2582.18*

*Published: 10/08/2025*

## *Abstract*

*Rock-cut tombs represent a distinctive type of burial structure carved into natural rock formations, such as mountains or hills, designed to serve as resting places for the deceased. This study aims to analyze the architectural features and construction techniques of these tombs. Specifically, it focuses on the rock-cut tombs located in Presa village, within the Mergasur district of the Soran administration, as highlighted in the research title.*

*The methodology employed in this research is both analytical and field-based, centering on direct examination of the rock-cut tombs in Presa village, particularly Tomb No. 3. These tombs have not been the subject of prior scientific investigation, making this study the first of its kind in this area. Consequently, the research heavily relies on personal fieldwork to explore all dimensions of the tomb. In addition to on-site analysis, the study incorporates references that discuss the historical context of rock-cut tombs, potentially from the same era as the Presa village tomb or other related periods.*

*The findings of this research highlight significant transitions in burial practices, bridging the gap between cave burials and rock-cut tombs within this region. In conclusion, rock-cut tombs, as examples of stone architecture, were imbued with sanctity and profound religious significance. The influence of cultural and spiritual beliefs on the architectural design of these structures emerges as a central theme in understanding this burial tradition.*

***Keyword***: *Stone architecture, Rock-cut tomb, Burial, Presa village*

# گۆڕدەخمەی گوندی پرێسە لە ناوچەی بارزان
# (لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی شیکاریە)

پ. ی. د. ئەردەڵان عثمان حسن

مامۆستای سەرپەرشتیار لە بەشی شوێنەوار/کۆلێژی ئاداب/زانکۆی سەڵاحەدین هەولێر.
Khwshnaw.ardalan@gmail.com

صابر حسن حسين

قوتابی ماستەری بەشی شوێنەوار/کۆلێژی ئاداب/زانکۆی سەڵاحەدین ـ هەولێر
chomanh960@gmail.com

**پوختە:**

گۆڕدەخمە جۆرە گۆڕێکە لە ناو بەردەڵان و چیاکاندا بە مەبەستی ناشتنی مردوان دروستکراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندی بیناسازیی گۆڕدەخمەکان و چۆنیەتیی دروستکردنیانە. هەروەک لە ناونیشانی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، تیشک دەخەینە سەر گۆڕدەخمەکانی گوندی پرێسە لە قەزای مێرگەسۆر، ئیدارەی سۆران. ڕێبازی توێژینەوەکە مەیدانی-شیکاریە، بە پلەی یەکەم پشت بە کاری ڕاستەوخۆ لەسەر خودی گۆڕدەخمەکانی گوندی پرێسە (گۆڕی ژمارە ٣) دەبەستێت، چونکە ئەم گۆڕدەخمانە هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی شوێنەوارییان لەسەر ئەنجامنەدراوە و ئەم توێژینەوەیە، لە بواری تایبەت بە گۆڕدەخمەکاندا بە یەکەم کاری زانستی لەمبارەیەوە دادەندرێت، هەربۆیە زۆربەی کارەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە کاری مەیدانی کە ڕاستەوخۆ لە هەموو ڕوویەکەوە کارمان لە سەرکردوە. لە پاڵ کاری ڕاستەوخۆشدا لەسەر گۆڕدەخمەکە و لە هەمان کاتدا پشت بەو سەرچاوانە بەستراوە کە باسی مێژووی گۆڕدەخمەکان دەکەن و بە ئەگەری زۆر بۆ هەمان سەردەمی گۆڕدەخمەکەی گوندی پرێسە یان سەردەمەکانی تر دەگەڕێتەوە.

وەک بەرئەنجامێکی گشتی، گۆڕدەخمەکان وەک بیناسازیی بەردین، خاوەنی جۆرێک لە پیرۆزی و بەهای بەرزی ئاینی بوون. ڕۆڵی کلتوور و باوەڕەکان لە چۆنیەتیی بینای گۆڕدەخمەکاندا لە خاڵە گرنگەکانی ئەم جۆرە ئەسپەردە کردنەیە.

**وشە کلیلیەکان:** بیناسازیی بەردین، گۆڕدەخمە، ئەسپەردەکردن، گوندی پرێسە.

**پێشەکی :**

شێوازی ناشتن لە ڕوانگەی توێژینەوەکانی شوێنەوارناسی، مرۆڤناسی و کۆمەڵناسیەوە گرنگیەکی زۆری هەیە، چونکە سەرەڕای لایەنی ماددی، زانیاریی زۆر لەسەر بڕواکان و جیهانبینیی گەلان دەخاتە بەردەستی توێژەران. یەکێک لە گرنگترین داتا یەکپارچەکانی شوێنەوارناسی کە زۆرترین زانیاری لەسەر لایەنە مەعنەوییەکان و کەلتوورەکانی پێش مێژوو دەخاتە بەردەستی شوێنەوارناسان، گۆڕ و نەریتەکانی ناشتنی کۆمەڵگەکانی پێش مێژووە. هەروەها لە بواری مێژوونووسی، گەلناسی، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، ئابووری و چینە کۆمەڵایەتیەکانیشدا زانیاریی بەسوود دەخاتە بەردەستی توێژەران.

یەکێک لە گرنگترین داتاکانی شوێنەوارناسی بۆ ناسینی ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤی ڕابردوو، گۆڕستانەکان و پاشماوەکانی پەیوەست بە ڕێوڕەسمی ناشتنە." ئەمڕۆ لە شوێنەوارناسیدا مرۆڤی نیاندەرتاڵ وەک یەکێک لە پێشەنگەکانی ناشتنی مەبەستدار دادەنرێت و نیاندەرتاڵەکانی ئەشکەوتی شانەدەر لە کوردستانی عێراق (باشوری کوردستان) لە نزیکەی ٦٠ هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە مردوەکانیان بە ڕێوڕەسمی تایبەت ناشتوە." (هژبری نوبری و پورفرج، 1384: ٦٦) (وێنەی ژمارە ١) ئەوەی لێرەدا سرنجڕاکێشە ئەوەیە کە چەندان جۆری گوڵ لە سەر ئێسکە پەیکەرەکان دۆزراونەتەوە، کە دەریدەخات" لە کاتی ڕێوڕەسمی ناشتندا گوڵیان پێشکەشی مردوەکان کردوە، هەروەها ئەمە لای هەندێک لە توێژەران دروستبووە کە بەکارهێنانی گوڵ لە لایەن نیاندەرتاڵەکانی ئەشکەوتی شانەدەر وەکو دەرمانیش بەکاریانهێناوە." (ئامێدی،٢٠٠٧، ٨٤)

ئەم بەڵگانە لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە دەریدەخات کە نەریتی ناشتن، وەک ڕەفتارێکی ڕەمزی و کۆمەڵایەتی، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش مێژوو. ناشتنی مردوەکان لەناو شوێنێکی هەڵکۆڵدراوی بەردی یان لە ئەشکەوتەکان، کە لە فۆرمی سەرەتایی خۆیدا لە ئەشکەوتی شانەدەردا بەدیدەکرێت، دەکرێت ڕەگی دروستبوونی گۆڕەکان بێت لە قۆناغەکانی دواتری مێژوودا.

پاشماوە شوێنەواریەکان دەریدەخەن کە" لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و پەرەسەندنی ئاڵۆزیە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان، ڕەفتاری ڕێوڕەسمەکانی پەیوەست بە مردن و ناشتنیش ئاڵۆزتر بوون. کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکان و شارستانیەتە سەرەتاییەکان لە ناوچەی زاگرۆس فۆرمی پێشکەوتووتری ناشتنیان پەرەپێدا؛ لە نێویاندا گۆڕەکان، کە وەک ڕووبەرێکی نەخشێنراو لە شاخ و شوێنە بەردیەکاندا بۆ ناشتنی کەسانی دیار و خاوەن دەسەڵات لە کۆمەڵگادا دروستکراون". (عبدالوهاب سلیمان،١٩٨٢، دیمانە: ٢٠٢٥ )

نمونەی ناشتنی تەرمەکان لە نێو شاخەکاندا لە گوندی پریسەشدا دەتوانێت ڕەنگدانەوەی ئەم باوەڕە بوبێت کە چیا شوێنێکی پیرۆز و پارێزەری ڕۆح و دەروونی مردوان بووە. چونکە"

لای نەتەوەکانی ناوچەی زاگرۆس و کوردستانی دێرین، چیاکان شوێنی خواوەندەکان بوونە، بۆیە گۆڕدەخمەکان ڕێگایەک بوونە بۆ گەیشتن بە دونیای هەتاهەتایی و نزیکبوونەوە لە خواوەندەکان. هەروەها جەوهەری گۆڕدەخمە دەمانگەیەنێتە هێماکانی ئەشکەوت و ژیانەوەی ڕۆح لە نێو چیاکان وەک پرۆسەیەکی ڕۆحی ــ ئاینی کە ڕەنگە لە کلتووری زارزی و کلتووری دێرینی کوردستان بەجێمابێت."(رحمانی، ١٤٠٣: ١٧٤)

وەک دەبینین" لە سەردەمی مادەکاندا ناشتن یان لە کەلێنی شاخەکان یان لە ژێرزەمین ئەنجامدراوە. وەک دیارە لە هەندێک لە کلتوورە کۆنەکان چیا هێمایەکی پیرۆز بووە، بۆیە لە ڕێوڕەسم و بۆنە ئاینیەکانیان بەکاریانهێناوە، هەر وەک لە ناو مادا بەدیارکەوتوە. بە شێوەیەکی تاڕادەیەک دڵنیا، جێی باوەڕە کە گۆڕدەخمەکانی بەردەست لە شارستانیەتی مادەکاندا، دەگەڕێنەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەم هەتا کۆتاییەکانی سەدەی حەوتەمی پێش زاین."(اصغرپور سارویی، ١٣٩٠: ١٢٥)

ئەم شێوازی بەخاکسپاردنە لە شوێنە بەردینەکاندا لە دوای ڕووکردنی مرۆڤ بۆ ژیانی گوندنشینی و شارنشینی هەر بەردەوام بووە. ئەمەش نیشانیدەدات کە چیا و بەردەلانەکان لای هەندێک هۆز و نەتەوە شوێنێکی پیرۆز بوونە. چونکە مرۆڤ لەو کاتەوە کە خۆی ناسی، باوەڕی بە هێزێکی سروشتیی سەروو هێزی خۆی هەبووە و یارمەتی لەم هێزەوە وەرگرتوە. "مێژووی دێرینی بوونی مرۆڤ لە زەوی و باوەڕەکانیان نیشاندەدات کە مرۆڤە سەرەتاییەکان جۆرێک باوەڕی ئاینیان هەبووە و هەستیان بە هێزێکی نهێنی کردوە، کە پارێزەری زەوی، ئاسمان و سەرتاپای ژیانیان بووە." (قدیانی،١٣٨٨:١١)

لەم توێژینەوە مەیدانیەدا هەوڵمانداوە هێلکاری بۆ گۆڕدەخمەکەی گوندی پریسە بکەین و پاشان بەراوردی بکەین بە گۆڕدەخمە هاوشێوەکانی تا بتوانین لە ڕێگەیەوە شێوازی ناشتن و مێژووی گۆڕدەخمەکە ڕوونبکەینەوە.

بێگومان هەموو کارێکی مەیدانی لەم جۆرە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کێشە و گرفت دەبێتەوە. لەبەرئەوەی ئەم گۆڕدەخمانە لە شوێنە دووردەستەکانن و خێراتر و ئاسانتر تووشی تێکدان و لەناوچوون دەبنەوە. سەرەڕای ئەوەی کە سەرچاوە زانستیەکان لەم بارەیەوە کەمن و تا ئێستا بە گوێرەی زانیاریەکانی ئێمە، هیچ توێژینەوەیەکی شوێنەواری لەبارەی ئەم گۆڕدەخمانەوە لەم ناوچەیە ئەنجامنەدراوە.

## بەرد وەک کەرەستەیەکی سەرەکی لە بنیادنانی بیناسازی و گۆڕەکاندا

بەرد لە یەکەمین کەرەستەکان بووە کە مرۆڤی سەرەتایی بۆ دروستکردنی ئامرازەکان و شوێنی نیشتەجێبوون (دروستکردنی پەناگای خۆیان) بەکاریهێناوە. سەردەمەکانی بەردینی کۆن و بەردینی نوێ نیشاندەری پێشکەوتنی زەمەنی لە بەکارهێنانی بەرد بەر لە کانزا و

کەرەستەکانی دیکە بووە. لە سەردەمی پێش مێژوو، بەرد بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان لە ڕاو و بەرگری لە بەرانبەر گیانەوەران و دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤەکان بەکارهێنراوە. گەلانی زاگرۆسیش وەک هەموو گەلانی دیکە لە سەردەمانی پێش مێژووەوە سوودیان لە کەرەستە بەردینەکان وەرگرتوە و بەکاریانهێناون لە دروستکردنی بینا و ئەو ئامراز و کەرەستانەی کە ڕۆژانە بەکاریانهێناون.

شوێنەوار و باڵەخانە مێژوویی و کۆنەکانی هەر وڵاتێک، دەرخەری شارستانیەت و کلتووری ئەو گەل و نەتەوەیە لە ڕابردوودا. بەشێک لە شوێنەوارە بیناسازیەکانی بەجێماو لە مێژووی ڕابردوو، بیناسازیی بەردین، پەناگا بەردینەکان و باڵەخانەکانن کە بە سوودوەرگرتن لە توخمی بەرد دروستکراون. هەروەها گۆڕدەخمەکان، لە ڕیزی پێکهاتە بەردینەکانن کە بە تایبەتمەندیەکی دیار لە ناخی بەردەکاندا دروس کراون. خوێندنەوە و تاوتوێکردنی ئەم شوێنەوارانە، دەتوانێت زانیاریی تەواو لە سەر ژیانی گەلان، هونەر، شێوەکاری هەروەها پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کلتووری ئەوان پێشکەشبکات.

ئەوەی لە بیناسازیی بەردیندا جێی سەرنج و خاوەنی گرنگیە، ئەوەیە کە باڵەخانە ئاساییەکان بە ئاسانی لە ئەنجامی هۆکارە سروشتیەکان و تێپەڕبوونی کات وێراندەبن و لەناودەچن، بەڵام بینا بەردینەکان وا بە ئاسانی تێکناچن، مەگەر لە ئەنجامی وێرانکاریی دوژمن یا بوومەلەرزە بەهێزەکان نەبێت.

بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی بیناسازیی گۆڕە بەردینەکان و گۆڕدەخمەکان و تایبەتمەندیەکانیان، دەتوانین ئەوان وەک کۆمەڵەیەکی مێژوویی تاوتوێبکەین، چونکە دروستکردنی ئەم جۆرە هەڵکۆڵینە نەک تەنها لە ڕووی مێژووی هونەر و کۆنەناسی، بەڵکو بۆ ناسینی مێژووی شارستانیەت، مێژووی ئاینەکان و پەیوەندیە کلتووریەکان لە نێوان گەلانێک کە خاوەنی ئەم بیناسازیەن، جێی سەرنجە. بیناسازیە بەردینەکان لە دووبارە دروستکردنەوەی مێژووی شارستانیەتی نەتەوەکاندا ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە و بە لێکۆڵینەوەی ورد و هەمەلایەنەی ئەم جۆرە گۆڕانە، دەتوانین مێژووی شارستانیەت، هونەر و ئاینی پێشینیان بناسین.

**گۆڕدەخمە:**

گۆڕدەخمە بە ئارامگای بەردین دەگوترێت کە لە بەرد و بە زۆری لە چیاکان و لەسەر تاشەبەردەکان هەڵکۆڵراوە. مێژووی هەڵکۆڵین و تاشینی بەردە سەختەکان و دروستکردنی دەخمە و پەناگە لەنێو چیاکاندا، لای هەندێک لە گەلانی کۆن، مێژوویەکی درێژی هەیە. "مرۆڤی سەردەمی کۆن بە هەڵکۆڵینی بەردە سروشتیەکان لە داوێنی چیاکان و دروستکردنی کونەکان لە فەزایەکی بچووکی سنووورداردا بەرەبەرە دەگاتە فەزایەکی گەورە و لەوێ وەک شوێنی

پەرستش یان ئارامگا کەڵکی لێ وەردەگرێت، ئەم خەباتەی مرۆڤ لەگەڵ بەردە سەختەکاندا بە بیناسازیی بەردین یان دەخمەیی ناودەبرێت. بە واتایەکی دیکە، بیناسازیی بەردین لە کەرەستەی ئازاد و ئاسایی باڵەخانە دروستنابێت، بەڵکو لە بەردی سروشتی دروستدەبێت." (سرفراز و فیروزمند، ۱۳۷۵: ۹۳)

گۆڕدەخمەکان لە داوێنی چیاکان و لەناو خودی تاشەبەردەکان و زنارەکاندا هەڵکۆڵدراون. بە ئەگەری زۆر دروستکردن و هەڵبژاردنی ئەم جۆرە بیناسازیە لەنێو چیادا لەبەر پارێزراویی مرۆڤەکان و پیرۆزیی چیاکان و پتەوییان بووە، کە بە ئاسانی لەناوناچن. "وادیارە کە لە هەندێک لە کلتوورە کۆنەکاندا، چیا هێمایەکی پیرۆز بووە کە بۆ ڕێوڕەسم و مەراسیمی ئاینی و پەرستن بەکارهێنراوە. لە لایەکی دیکەوە، باوەڕەکان و مەراسیمی ئاینی، جۆری تێڕوانین و جیهانبینیی گەلان دیاریدەکات" (حاتم، ۱۳۸۱: ۱۰۷و ۱۰۸)، چونکە لە هەندێک لە کلتوورە کۆنەکاندا چیا دەرکەوتەیەکی پیرۆز و جێگای خواوەندەکان و شوێنێکی ئارام بۆ بەڕێوەبردنی مەراسیمی ئاینی و پەرستش بووە. لەم کلتوورانەدا چیا وەک یەکەمین دروستکراوی پەروەردگار کە سەری لە ئاو دەرهێناوە، جێی ڕێز بووە و "ڕۆڵێکی گرنگی، باوەڕەکان بۆ نزیکبوونەوە لە هێزەکانی سەرووی سروشت هەبووە. پێشینیان باوەڕیان وابوو کە خواوەندەکان لە ئاسمانەکاندان، کەواتە ئەگەر پەرستگا و گۆڕی ئەوان لە سەرەوە و لەنێو چیاکاندا بێت، لە خواوەندەکان نزیکتر دەبێت." (قرائی‌مقدم، ۱۳۷۸: ۱۱۱)

**پێشینەی گۆڕدەخمە:**

کاریگەریی شارستانیەتە کۆنەکان لەسەر یەکتر هەمیشە لەو بابەتانە بووە کە زاناکان کۆدەنگیيان لەسەری هەبووە. "لە ناوچەی دەریاچەی وان تا ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ گەلانێک دەژیان کە ئورارتویان پێ دەوترا و لە سەدەی ۱۱ی پێش زاین بە یەکخستنی هێزەکانی خۆیان یەکەمین پاشایەتیی ئەم شارستانیەتەیان پێکهێنا." (اصغرپور سارویی، ۱۳۹۰: ٦٥)

تا پێش مادەکان لە هیچ شوێنێکی ئێران تەنانەت یەک گۆڕدەخمەی بەردینیش نەناسراوە "هەڵبەتە جگە لە گۆڕەبەردینی حەسەنلوو کە لەلایەن دایسۆنی ئەمریکیەوە دۆزراوەتەوە، کەواتە بۆ ڕەگ و سەرچاوەی ئەم گۆڕە بەردینانە لە جیاتی ئاشوور دەبێت لە بیناسازیی ئورارتو بگەڕێین، چونکە پێش لە گەشەسەندنی هونەری بیناسازیی مادەکان لە سەرزەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی ئورارتو بە تایبەت دەوروبەری دەریاچەی وان، گۆڕی بەردینی زۆر لە دامێنی چیاکان و بەردەکاندا بۆ ناشتنی تەرمی پاشاکان و میرەکان، هەڵکۆڵراون کە هەموویان بەراورد دەکرێن لەگەڵ ئارامگاکانی سەردەمی ماد." ( گیرشمن، ۱۳۷۱: ۸۹)

لە بیناســـــازیە بەردینەکانی ئۆرارتۆ، ژووری بەردین هەن ئەم ژوور یان دەخمە بەردینانە، لەوانەیە ئارامگا بووبن. "لە تاشەبەردەکانی قەڵای ناوەندی یان قەڵاکانی پایتەختی توشپا هەندێ دەخمە لە نێو بەرددا دروســــتکراون کە وەک ئارامگا بەردینەکانی فریگیەکان و دوای ئەویش دەخمەکانی ماد و هەخامەنشین و سەر بە سەدەکانی (٧ تا ٩)ی پێش زاینن." (کلیس،١٣٤٨:٢٩٨)

لەلایەکی دیکەوە، مێژووی ئورارتو نیشـــــانیداوە کە ئەوان لە ژوورەکـان یـان دەخمە بەردینەکان وەک ئارامگا یان ژێرزەمین کەڵکیان وەردەگرت. "لە شـــاری وان شـــوێنەواری ئەم جۆرە گۆڕدەخمانە کە لەنێو چیادا دروستکراون، دەبینرێن کە شـوێنەوارناسـان، ئەوانە سـەر بە پاشـــــاکانی ئورارتویی دەزانن." ( آورزمانی، ١٣٧٤: ٨٢) جگە لە گۆڕدەخمەکانی ئورارتویی لە نـاوچەی وان و لە دەوروبەری دەریـاچەی ورمێ کە لە بـاکووری زاگرۆس (پـارێزگـای ئـازەربـایجـانی ئێران) هەڵکەوتوە، نموونەی زۆر لە گۆڕدەخمەکـانی ئورارتویی دۆزراونەتەوە، وەک: گۆڕدەخمەی ئیسماعیل ئاغا، سەنگەر، وەرهەرام، شێخ سەلوو.... هەروەها لەم پارێزگایە و پارێزگای کرماشـان و لە پارێزگای سـلێمانی (باشـووری کوردسـتان) ژمارەیەک گۆڕدەخمە هەن کە ســـەر بە ســـەردەمی مادەکانن وەک" گۆڕدەخمەکانی فەخریکا (فەقرگا) لە مەهاباد، کێژکاپان (قیزقاپان) لە سـلێمانی، داودۆختەر لە ســەر پۆڵ زەهاو، دوکان داود و کەیکاوســی ســەحنە لە کرماشـــان کە لە گۆڕدەخمە شـاهانەکانی زاگرۆس هەژماردەکرێ."(رحمانی، ١٤٠٣: ١٧٤)

بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیە دەرەکیەکانی ئارامگا بەردینەکان لە هەردوو ناوچەی ئوراتو و ماددا، دەتوانین بە پارێزەوە ڕای خۆمان دەربڕین کە "گۆڕدەخمەکانی مادەکان بە پاراســـتنی هەندێک لە توخمە بیناسازیە ناوچەییەکان، بە تایبەت ستوونەکان و تاجی ستوونەکان، شێوەی پەرەســەندووی ئارامگا بەردینەکانی ئورارتوەکانن".( سـرفراز و فیروزمند،١٣٧٥: ١٠٧) مادەکان بە شــێوەیەکی ســـەرەکی گرنگیان بە ڕووکاری دەرەوەی گۆڕدەخمەکان داوە، ئەم گرنگیپێدانە گوازرایەوە بۆ ســـەردەمانی دواتر و بە تایبەتی ســـەردەمی هەخامەنشـــیەکان. وەک ئارامگای بەردینی داریوشی یەکەم لە نەخشی ڕوستەم.

لوتکەی ناشـــتنی نێو گۆڕدەخمەکان لە زاگرۆســـدا دەگەڕێتەوە بۆ ســـەردەمەکانی ماد و هەخامەنشیەکان، بەڵام لە سـەردەمەکانی پاشتردا، واتە سـەردەمی ئەشکانی و سـاسـانیدا، ئەم شێوازی ناشتنی مردووانە بە تەواوی کەمدەبێتەوە.

### جیاوازیە بنەڕەتیەکانی گۆڕدەخمەکانی سەردەمی ئورارتو و ماد:

هەروەک لە ســــەرەوە ئاماژەمان پێدا، گۆڕدەخمەکان بریتین لە یەکێک لە شــــاکارەکانی شارستانیەتی ئورارتو و مادەکان لە ناوچەکانی زاگرۆس و تۆرۆس. ئەم دوو گەلە ئەم شێوازە لە دروستکردنی ئارامگەیان بەکارهێناوە و تاڕادەیێکی زۆر دەتوانین بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەی

لە هەریەک لەم گۆڕدەخمانەدا بەدیدەکرێت شـــێوازی گۆڕدەخمەکانی هەریەک لەو دوو گەلە بەم شێوازەی خوارەوە جیابکەینەوە:

أ. ســـتوون: "لە هەموو گۆڕدەخمەکانی ئورارتوییدا ســـتوون بەرچاوناکەوێت. بەڵام لە گۆڕدەخمەکانی مادیدا، ســـتوون ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. هێرتســـفێلد بە لەبەرچاوگرتنی تاجی ســـتوونەکان و ســـتوونەکانی کە لە ڕووکاری گۆڕدەخمەی ســـەردەمی ماد، قزقاپان و داوودۆختەر (هەڵکەوتوو لە پارێزگای سلێمانی/ کرماشـان) هەن، "دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە شـێوازی بیناسـازیی ئایۆنی کە یەکێک لە سـێ قوتابخانەی گرنگی شـێوەکاری یۆنانیە، لە شێوەکاری ئێرانی سروشی وەرگرتوە." (تجریدی، ۱۳۵۰: ۲)

ب. "ڕۆڵی پلیکانە لە بیناســـازیی گۆڕدەخمەکاندا: بەکارهێنانی پلیکانە لە گۆڕدەخمەکانی ئورارتوییـدا بـاو بووە. بەڵام لە ڕووکـاری دەرەکیی گۆڕدەخمەکـانی مـاددا پلیکـانە بەرچاوناکەوێت.

ج. تـاقی بچووک(ڕەفە): هەرچـەندە لە هەنـدێک گۆڕدەخمەکـانی مـاددا تـاقچە هەیە، بەڵام بوونی تاقچە لە گۆڕدەخمەکانی سەردەمی ئورارتۆ زیاتر بەرچاودەکەوێت.

د. نەخشـــی بەرجەســـتە و کەتیبە: لە گۆڕدەخمەکانی ئورارتوییدا بەرچاونەکەوتوە. بەڵام لە زۆربەی گۆڕدەخمەکانی ماددا نەخشـــی بەرجەســـتە و کەتیبە بەرچاودەکەوێت."(اکبری و فتاحی معصوم، ۱۳۹٥: ۲۸)

## شوێنی جوگرافیی گوندی پرێسە

گوندی پرێســـە لە باشـــووری ڕۆژئاوای دەڤەری بارزان، بە دووریی (۱۰) کم، بەرزیی ٥۰۱ مەتر لە ئاستی دەریاوە. "ئەم گوندە بە پێی نەخشـەکان و دابەشـکردنی کارگێڕیی پێش ڕاپەڕین (۱۹۹۱) ســـەر بە پارێزگای دهۆک، قەزاری ئاکرێ بووە، بەڵام لە نەخشـــەی کارگێڕیی ســـاڵی (۱۹۹۸) دەکەوێتە سـەر قەزای بارزان." (هۆشـیار محمدامین و سـەردار محمد، ۲۰۱۰: ۷٤) و لە تەنیشـــت ڕووبـاری زابی گەورە هەڵکەوتوە (وێنەی ۲). "زێی گەورە لقی گەوری ڕووبـاری دیجلەیە و سـەرچاوەکەی دەکەوێتە چیاکانی یگیت، نەنگەنە، لە باکوورەوە بەرەو باشـوور دێت

تا دەگاتە ئاوبەندی بێخمە، لە دواییدا بەرەو باشــووری ڕۆژئاوا دەڕوات، هەتا لە باشــووری شاری موسڵ، دەڕژێتە نێو ڕووباری دیجلە." (عەبدوڵڵا غەفور،٢٠٠٠: ٨٨و ٨٩)

دانیشتووانی گوندی پرێسە موسوڵمانن. گەیشتن بەم گوندە ئاسانە، چونکە لە نێوان ڕێگای بارزان – ئاکرێ هەڵکەوتوە و پاشان بە ڕێگایەکی خاکی کە نزیکەی یەک کیلۆمەترە، دەتوانرێت بچیتە ناو گوندەکە. چیاکانی شــیرین لەو دیوی ڕووبارەکە و لە ئاراســتەی باکووری گوندەکە هەڵکەوتوون، "بەرزایی ئەم زنجیرە چیایە (٢٣٧٩) مەترە." ( عەبدوڵڵا عامر، ١٩٩٩: ٥١)

ئەم گوندە دیمەنێکی سروشتیی جوانی هەیە، و خانووەکانی گوندەکە بە درێژایی ڕووبارەکە دروستکراون و پشت خانووەکان، چیایەکی مامناوەندی بەرزە، چەندین پاشماوەی بیناسازی و خانووی بەردی لێیە، ئەم چیایە دەوڵەمەندە بە داری بەڕوو، ســماق و ڕەزی ترێی لێیە. ناوی کۆنی ئەم گوندە ماندیایە، و بەپێی وتەی خەڵکی گوندەکە ئەم ناوە دەکرێت لە "مەند" واتە ئەو شــوێنەی کە ئاوی ڕووبارەکە زۆر هێواش دەبێتەوە هاتبێت. لەم گوندەدا چەند گۆڕدەخمەیەک دۆزراونەتەوە، هەڵبەت ئەم شوێنانە لە لیستی شوێنە کۆنەکانی عێراق کە لە ساڵی ١٩٧٠ چاپ کراوە، باسنەکراون.

### گۆڕدەخمەی گوندی پرێسە:

لەم توێژینەوەیەدا، لە کۆی ئەو ســێ گۆڕدەخمەیەی کە لە گوندی پرێســەدا هەن، ئێمە تاوتوێی گۆڕدەخمەی ژمارە ٣ دەکەین، کە گۆڕێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای گوندەکەوە و لە تەنگەبەرێکی بچووکدا، کە کۆتاییەکەی داخراوە، هەڵکەوتوە. وەک پێشتر باسکرا، گۆڕدەخمەکان لە شوێنێکدا دروســتدەکرێن کە لە بەرچاو نەبن، ئەم گۆڕدەخمەیەش لە دەرەوەی ئەم یاســایە نەبووە، هەرچەندە بەرزایی دەمی (مەدخەلی) گۆڕدەخمەکە لە زەوی کەمە و دەتوانرێت بە ئاسانی بچیتە ناوی. بەڵام هەڵکەوتنی ئەم گۆڕدەخمەیە لەم تەنگەبەرە داخراوەدا وای کردووە کە هیچ دیدێکی لە بەشــی ڕووبارەکە کە ڕێگای هاتوچۆیە نەبێت. و ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شاردنەوەی گۆڕەکان لە سەردەمە کۆنەکاندا.

ئەم گۆڕدەخمەیە تەنها لە چەند سەد مەترێک و لە بەشی ڕۆژئاوای گوندەکە هەڵکەوتووە، و لە نێو بەردەلانێکدا کە پشــتەوەی ڕووبارەکە، دروســت کراوە. دەمی گۆڕدەخمەکە ڕوو لە باشــوورە و بە شــێوەی لاکێشــە بە بەرزایی ٧٤ ســانتیمەتر و پانتایی ٤٦ ســانتیمەتر. بەرزایی بەشــی دەرەکی دەمی گۆڕدەخمەکە لە زەوییەوە ١٢٠ ســـانتیمەترە (وێنەی ٣). لە بەشــی ناوەڕاســتی دەرچەی چوونە ژوورەوەی، قڵیشــێک بە قووڵایی ٥ ســانتیمەتر کە بە شــێوەی سێگۆشـەیە هەڵکۆڵراوە. ئەم قڵیشە بە ئەگەری زۆر بۆ چۆڕاوکەی ئاوی باران دانراوە. دیواری بەردەڵانەکە لە دەرەوە بە هیچ شــێوەیەک نەتاشــراوە و تەنها دەوروبەری دەمی گۆڕەکە، لێوارێکی بارز بە قووڵایی ١ ســـانتیمەتر هەڵکۆڵدراوە، کە بۆ وەلانانی ئاوی باران بووە کە لە

بەشـــی ســـەرەوەی بەردەڵانەکە دەچۆڕێتە خوارێ. ئەمڕۆش لە پێکهاتە کۆنکرێتییەکاندا لە دەوروبەری چوارچێوەی دەرگا و پەنجەرەکان و هەروەها بەشـــەکانی دەچۆڕێتەدەرەوەی سەقفەکان ئەم جۆرە قڵیشانە دروست دەکەن، و ئەم رێگایە، رێگری دەکات لە چوونە ناوەوەی ئاوی باران و بەفر بۆ بەشـــەکانی ناوەوەی پێکهاتەکە. ئەمەش نیشـــاندەری ئەوەیە کە وەستاکارانی کۆن بە باشی ئاگاداری ئەم زانیارییانە بوون.

ئەم دەمە راستەوخۆ دەچێتە ناو گۆڕدەخمەکە و ئەم گۆڕدەخمەیە هیچ ڕاڕەوێکی نییە، بە پێچەوانەی گۆڕدەخمەکانی سەردەمی ئورارتو کە بۆ چوونەناوەوەی گۆڕەکە پێویستە لە ڕێڕەوێکی کورت تێپەڕ بێت. فەزای ناوەوەی گۆڕەکە ٥٥ سانتیمەتر لە دەمی گۆڕەکە قووڵترە (وێنەی ٤). ئەم گۆڕە بچووکە و لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی سەرەکی کە بە شێوەی لاکێشەیەکی نارێک بە قەبارەی درێژی ١٤٢-١٥٥ سانتیمەتر و پانتایی ١٢٠-١٤٠ سانتیمەتر و بنەکەی ٥٥ سانتیمەتر نزمترە لە دەمی گۆڕەکە. لەهەر سێ لای بەشی سەرەکی سێ سەکۆ هەیە کە بەرزایی هەر یەکێکیان لە بنی گۆڕەکەوە، کەمێک لەیەکتر جیاوازە. ئەم گۆڕە هاوشێوەی گۆڕەکانی تری پریسە بە پێچەوانەی "شێوە و پلانی گۆڕدەخمەکانی سەرپیر، بەهمەن ئاوا و دەخمەکانی رۆژهەلاتی کفری کە بە شێوەی نیو بازنەیی هەڵکەندراون و چاڵیان تێدا هەڵکەندراوە. … هەر وەک حەیدەری دەڵێت ئەم جۆرە بیناسازیە لە سەردەمەکانی ئەشکانی و ساسانی باو بوونە" (بریار احمد، ١٣٩٦: ٧٣) هیچ چاڵێکی بۆ پرکردنەوەی ئاو بۆ رێورەسمی میهرپەرستی نییە و زۆر لە گۆڕدەخمەکانی کفری بچووکترە. هەروەها هیچ ڕاڕەوێکی تێدا نییە، چونکە " لە پەرستگای میترابیدا هەندێک جار چەند ژوور و ڕاڕەوێک هاوتەریب لەگەڵ قوربانگاکە بۆ نوێژ و رێورەسمی ئاینی و سەکۆی دانیشتن هەیە. هەر وەک لە ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفری بە ڕوونی دیارن چ وەک بوونی حەوزێک، ئاوی تێدەکرێت لە ناوەندی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکاندا بۆ مەعمودیەت" پاکبوونەوە لە گوناە." (بڕیار ئەکبەر و مەریوان احمد، ٢٠٢٥: ٣٢٧)

(قەبارەی سەکۆکان لە خشتەی خوارەوەدا باس کراوە):

**قەبارەی سەکۆکان**

| سەکۆ | بەرزیی سەکۆ (سانتیمەتر) | درێژیی سەکۆ (سانتیمەتر) | پانتایی سەکۆ (سانتیمەتر) | بەرزیی سەکۆ تا بنمیچ (سانتیمەتر) |
|---|---|---|---|---|
| سەکۆی لای ڕاست | ٥٣ | ١٥٠ | ٦٠ | ٨٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سەکۆی ناوەڕاست (بەرامبەر دەمی گۆڕەکە) | ٦٦ | ١٣٠ | ٦٠ | ٨٠ |
| سەکۆی چەپ | ٥٥ | ١٥٥ | ٦٥ | ٧٨ |

گۆشـەی سـەکۆکان تیژ نییە و بە شـێوەی چەماوە هەڵکۆڵراون و لەلای ڕاسـتی هەر سێ سـەکۆ، بەرزیەک کە وەک سـەرین بووە، دروسـتکراوە کە لەوانەیە بۆ دانانی سـەری مردوو بووبێت (وێنەی ٥). هەموو دیوارەکان و سـەقفەکەی بە شـێوەیەکی سـەرەتایی و سـادە هەڵکۆڵراون و هیچ وردەکاریەک لە هەڵکۆڵینی ئەم گۆڕدەخمەیەدا بەرچاوناکەوێت. کە دەتوانێت بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە، یان بەو هۆیەی کە ئەم گۆڕانە هی کەسـانی زۆر پایەبەرز نەبوون، و لەبەر ئەوە گرنگی بە وردەکارییەکان نەدراوە. یان ئەو کەسـانەی کە گۆڕەکەیان هەڵکۆڵیوە ئەوەندە لە کارەکەیاندا شـارەزا نەبوون. هەڵبەت دەتوانین وا لێکبدەینەوە کە ئەم گۆڕدەخمەیە لە ڕووی کات و سـەردەمەوە زۆر کۆنترە لە دروسـتکردنی گۆڕدەخمەکانی سـەردەمی ئورارتو و ماد، کە لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایندا دروسـتکراون. واتە ئەم نموونەیە لە دەخمە سـەرەتای دروسـتکردنی گۆڕدەخمە لە ناوچەی زاگرۆس بووە و پاشان لە سەردەمی ئورارتو و مادا گەیشتوەتە کاملی، بەڵام ڕاستیی ئەم تیۆریە، پێویستی بە نموونەی زیاتر و پاشماوەی ئێسکەپەیکەری مرۆڤ و کەرەستەی ناو گۆڕەکان هەیە.

سـەقفی ئەم گۆڕدەخمەیە لە چوار بەش پێکهاتوە، بەشـی ناوەندی کە بەشـی سـەرەکیی گۆڕدەخمەکە بووە و سەقف بە شێوەی (چاتیە) و بە بەرزایی ١٥٠ سانتیمەتر لە بەشی ناوەند و بەشـەکانی دەوروبەر ١٣٥ تا ١٤٠ سـانتیمەتر بەرزی هەیە، دروسـتکراوە و سێ بەشـەکەی دیکە کە سـەقفی سـەکۆکان بوون، بە شـێوەی نیوەچەماوە دروسـتکراون کە بەرەو سـەقفی ناوەندی لاربوونەتەوە. ئەم شێوازە دروستکردنە دەبووە هۆی قایمی و پتەویی گۆڕدەخمەکە لە ماوەی زەمەنی درێژدا و ڕێگری لە دارمانی سەقفەکە دەکرد.

### شێوازی بەخاکسپاردن لە گۆڕدەخمەی ژمارە ٣ی گوندی پرێسە

دانیشتووانی میزۆپۆتامیا و وڵاتەکانی دیکەی ئاسیای ڕۆژئاوا و ئێران و میسر لە سەردەمە کۆنەکاندا باوەڕیان وابوو کە مرۆڤ دوای مردن لە دنیایەکی دیکەدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. "لەبەرئەوە تا بە دۆخی ئەو جیهانە ئاشـنا بێت و سـەختی نەچێژێت، بڕێک خواردن لە قاپی گڵێنەدا لە ژوورسـەری و لە خوارەوەی پێی ئەو ئامراز و کەلوپەل و چەک و کەرەسـتانە دادەنران کە لەگەڵ دارایی و پێگەی نێژراو دەگونجان. ئەڵبەتە ئەم کارە لە نێو هەموو گەلانەدا

بە یەک شـێوە ئەنجامنەدراوە." (قدیانی،١١٨:١٣٨٨) زۆرجار قاپی خواردن  لە بەرانبەر دەم یان ژوورسـەری مردوو دادەنرا و هەندێک جاریش لەسـەر سک یان بەشـەکانی دیکەی دەبوو. "بە زۆری لە هەموو گۆڕەکاندا پێی مردووەکانیان دەچەماندەوە و یەکێک لە دەستەکان بەرەو دەمی دەهێنرا، لەبەر ئەوە دەردەکەوێت کە باوەڕی ئەم خەڵکە وا بووە کە مرۆڤ دوای مردن لەناو ناچێت و لە دنیایەکی دیکەدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و لەوانەیە دانانی قاپ و خواردەمەنی و خشڵ ئاماژەیەک بێت بۆ ژیانی دوای مردن." (بهنام، ١٣٢٠: ١٣)

بەڵام بەداخەوە لە گۆڕەخمەکانی گوندی پریسـە بەهۆی ئەوەی کە پێشـتر بەر دزی و تێکدان کەوتوون، هیچ شـوێنەوارێک لە پاشـماوەی مرۆڤ بەدەسـتنەهاتووە. "لە گۆڕەخمەی قزقاپانیش (لە پارێزگای سلێمانی) هیچ جێماوەیەکی مرۆیی بەدەستنەهاتووە تا لەسـەر بنەمای ئەو بتوانرێت چۆنیەتیی بەخاکسـپاردن درکپێبکرێت." (فرجامی‌راد، ١٣٨٩: ١٣) و هەروەها جێمـاوەی مـاددی وەک ئـامراز و چەک و کەرەسـتەکـانی دیکەش نەدۆزراوەتەوە. ئەمە ئەنجـامەکـانی توێژینەوە دژوار دەکـات، چونکە جێمـاوەی مـاددی، ئێمە بەرەو شـێوازی دروسـتکردن، هونەر و ئاسـتی هۆشـیاری و پسـپۆڕی دروسـتکەرانی و سـەردەمی مێژوویی گۆڕەخمەکان ڕێنوێنی دەکات.

بۆیە ناتوانرێت بە دڵنیاییەوە شـێوازی بەخاکسپاردن و چۆنیەتیی دانانی تەرمەکان لەسـەر سـەکۆکان و سـەردەمی مێژوویی ئەوان باسـبکرێت. بەڵام ئەوەی جێی دڵنیاییە ئەوەیە کە تەرمەکان لەسـەر سـەکۆکان دانراون، و دوای تێپەڕینی ماوەیەک یان لە کاتی بەخاکسـپاردنی تەرمێکی تردا، ئێسقانەکانیان کۆکردۆتەوە و لە بەشـی ناوەندی گۆڕەخمەکەدا دایانناوە. بەپێی قەبارە و شێوەی سەکۆکان تا ڕادەیەک دەتوانین شێوازی دانانی تەرمەکان لەسەر سەکۆکان بزانین. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی درێژیی سـەکۆکان کە لە نێوان (١٣٠ تا ١٥٥) سـانتیمەترن، ئەگەری ئەوەی کە کەسی مردوو ڕاکشاوی چ بە شێوەی لە سەر پشت یان لاتەنیشت لەسەر سـەکۆکان دانرابێت، نەبووە (وێنەی ٦). بەڵام ئەوەی دیارە ئەمەیە، کە دوای ئەنجـامدانی بەخاکسـپاردن دەمی گۆڕەخمەکەیان بە بەردێکی یەکپارچە یان بەردی بچووک داخسـتوە، و پاشان بە گیراوەیەک، دەرچەی گۆڕەکەیان بە تەواوی داپۆشیوە و بە جۆرێک شاردوویانەتەوە کە لە دەرەوە  گۆڕەخمەکە دیار نەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی قەبارە و شـێوەی سـەکۆکان دەتوانین چەند شێوازێک بۆ دانانی تەرمەکان دەستنیشانبکەین:

**شێوازی یەکەم:** کەسی مردوویان لەسەر پشت ڕاکشێندراوە و هەردوو پێیان بەرەو سک چەماندوەتەوە. ئینجا سەری مردوویان لەسەر سەرینە بەردینەکە داناوە. و دەستەکانیان لەسەر سنگ داناوە یان هەردوو دەستیان بە شێوەی ئازاد لە هەردوو لای کەسی مردوو داناوە. لەم دۆخەدا پانتایی سەکۆکە مەجالی  داوە تا دەستەکان لە بەشی لاتەنیشتەکانی تەرمەکە دابنرێن.

هەروەها ئەگەری هەبووە کە کەلوپەلی کەســـی مردوو و شـــتی دیکە وەک گۆزە یان هەر ئامرازێکی دیکەیان لە نزیکی تەرمەکە، لەسەر سەکۆ دانابێ.

**شێوازی دووەم:** لەم شێوازەدا تەرمەکەیان لەسەر لاتەنیشت ڕاکشێندراوە و بەهۆی کەمیی درێژیی سەکۆ، پێیەکانیان چەماندوەتەوە. بەڵام بەهۆی شێوەی سەکۆکان کە لە هەردوو بەشی کۆتاییدا بە شێوەی چەماوە هەڵکۆڵراون، پێویستە ڕووی کەسی مردوو، ڕوو لە ناوەوەی سەکۆ واتە ڕوو لە لای ڕاســـت بوبێت. چونکە بە پێچەوانەدا واتە ئەگەر ڕوو بەرەو چەپ (ناوەندی گۆڕەدخمەکە) بوایە، بەشی چەماوەی سەکۆ ڕێگر دەبوو لە دانانی پێیەکانی تەرمەکە. زۆربەی جار دەســـت و پێی مردووەکانیان چەماندوەتەوە یان بە تەواوی کۆیاندەکردەوە. (بەشـــێوەی هەڵکورماو).

**شـــێوازی ســـێیەم:** لەم شـــێوازەدا کە لە شـــێوازەکانی ســـەردەمی ئۆرارتوەکان بووە، لە ڕەفەکاندا (وەک شـێوەی سـەکۆ بووە) سـەقفیشـیان بە شـێوەی کەوانە یان تەخت بووە، جگە لەوەی کە شوێنی دانانی دیاری و شتومەکی کەسی مردوو بووە، لەوانەیە بۆ دانانی گۆزەکانی خۆڵەمێشـــی مردووش بەکارهێنرابێت. هەرچەندە لەو ســـەردەمەدا لە تـابووتی بەردینیش کەڵکوەرگیراوە. بەڵام "لە ئۆرارتۆ ســـووتـانـدنی مردووەکـان زیـاتر بـاو بووە، و ڕەفەکـان گونجـاوترین شـــوێن بوون کە بتوانرێت گۆزەی خۆڵەمێش لەوێ دابنرێت". (Melkonyan, 1995 : 27) هەڵبەتە ئەم گریمـانە بەهۆی ئەوەی کە هیچ کەلوپەلێکی مـاددی وەک گۆزە لەم گۆڕەدخمەیە و گۆڕەدخمەکـانی دیکەی گونـدەکە نەدۆزراوەتەوە، ئەوەنـدە جێی بـاوەڕ نییە. هەروەها بوونی سەرینەکە لە بەشی ڕاستی هەموو سەکۆکان وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا کە بە ئەگەری زۆر، شوێنی دانانی سەری کەسی مردوو بووە، پەسەندکردنی لاواز دەکات. بەم هۆیە ئەم ئەگەرە کە مردووەکانیان سووتاندوە و خۆڵەمێشیان خستووەتە ناو گۆزە ڕەتدەکرێتەوە.

هەروەها بەهۆی ئەوەی کە هیچ پاشـماوەیەک لە ئێسـقان و شـتی دیکە لەم گۆڕەدخمەیە و نموونەکـانی دیکە نەدۆزراوەتەوە، نـاتوانرێت بەو ئەنجـامـە بگەین کە ئـایـا تەرمەکـان بە جلوبەرگەوە نێژراون یان نا. و ئەو شتانەی کە بە دڵنیاییەکی زۆرەوە لەگەڵ تەرمەکان نێژراون، چی بوون. وەک باســـی چۆنیەتیی دانانی کەســـی مردوو کرا، کە بە چ شـــێوازگەلێک ئەگەری بەخاکسپاردن ڕوویداوە، بەڵام "خوێندنەوە و تاوتوێکردنەکان نیشانەدەری ئەوەن کە بارودۆخی بەخاکســپاردن لە گۆڕەکانی نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەم لە یەک یاســای تایبەت ســوودیان وەرنەگرتوە." (قدیانی، ١٣٨٨: ١٢٣)

**ئەنجام :**

خوێندنەوە ســـەرەتاییەکان دەریدەخەن گۆڕەدخمەکانی گوندی پرێســـە لە ناوچەی بارزان نموونەیەکی بەرچاوی درێژەدان بە نەریتی ناشـــتن لە ئەشـــکەوت و ژینگە بەردینەکانە لە

هەزارەی یەکەمی پێش زاین، ئەم گۆڕانە کە لە دڵی چیای زاگرۆسدا هەڵکەندراون، ڕەنگدانەوەی خواستی دانیشتوانی ناوچەکەیە بۆ بەکارهێنانی سروشت وەک ڕووبەرێکی پیرۆز بۆ ڕێزگرتن لە مردووەکانیان بووە و هەڵبژاردنی ناشتن لە نێو چیادا لە بری ناشتنی سادە، لە گوندی پرێسە ئاماژەن بۆ نەریتی تایبەتی خەڵکی کۆنی ناوچەکە. هەروەها ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ڕۆحی و پلەبەندیی کۆمەڵایەتیە لە کۆمەڵگاکانی زاگرۆسدا. پێدەچێت ئەم شێوازە ناشتنە نەک تەنها بۆ پاراستنی تەرمەکان، بەڵکو بۆ پیشاندانی پێگەی کۆمەڵایەتیی مردووەکە و دروستکردنی پەیوەندیەکی ڕەمزی لە نێوان کۆمەڵگا و ژینگەی سروشتیدا بەکارهاتبێت.

هەروەها دەبێ بوترێ کە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی گۆڕدەخمەکانی ئورارتو و ماد، لەگەڵ ئەم گۆڕدەخمەیە بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی هێڵکاریەوە لەیەکناچن. ئەم گۆڕدەخمەیە بە پێچەوانەی گۆڕدەخمەکانی ئورارتو پلیکانەی نییە، بەڵام هاوشێوەی گۆڕدەخمەکانی ئورارتو و ماد، سەکۆی تایبەت بە دانانی مردووی هەیە. بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز هەم لە ڕووی شێوە و هەم لە ڕووی ڕووبەرەوە. هەروەها ڕووی دەرەوەی ئەم گۆڕدەخمەیە لە هیچ کام لە گۆڕدەخمەکانی ماد کە نەخش و نیگاریان هەیە یان ئورارتو کە ڕووبەری دەرەوەی بەتەواوی دەتاشرێت، ناچێت. بەپێچەوانەی هەردوو گۆڕدەخمەکانیشەوە دەمی چوونەژوورەوە زۆر بچووکترە. بۆیە گریمانە دەکرێت کە ئەم گۆڕدەخمەیە، لە ڕووی مێژووییەوە لە گۆڕدەخمە دۆزراوەکانی ماد و ئورارتو زۆر کۆنتر بێت کە بۆ سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاین دەگەڕێنەوە.


## سەرچاوەکان

### کوردی

– بڕیار ئەکبەر سان ئەحمەد و مەریوان محمد احمد (٢٠٢٥) لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەواری بۆ ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفری، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B — زانستە مرۆڤایەتییەکان، ل (٣١٩ ـ ٣٤٠).

- عەبدوڵڵا غەفور (٢٠٠٠) *جوگرافیای کوردستان*. سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- عەبدوڵڵا عامر عمر و کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ (١٩٩٩) *جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق*. چاپی دووەم، هەولێر، سەنتەری برایەتی.

### عەرەبی

- أيهان محمد قادر ئاميدى (٢٠٠٧)، *انسان كهف شاندر في كوردستان – العراق و علاقته بالنياندرتال*، رسالة ماجستير (غير منشورة )، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين.

**فارسی**

– اکبر تجریدی (1350) تداوم در معماری ایران. *هنر و مردم*، دوره جدید، ش111، ل 2 تا 17.
– امان اله قرائی مقدم (1378) معماری صخره‌ای. *هنرنامه*، ش٤، ل 108 تا 123.
– امیر اکبری و آمنه سادات فتاحی معصوم (1395) بررسی میزان تأثیرگذاری معماری اورارتو بر معماری هخامنشی، فصلنامه علمی ــ پژوهشی پژوهشنامه تاریخ، سال یازدهم، ش ٤٤، ل 15 تا 48.
- رمان گیرشمن (1371) *هنر ایران در دوران هخامنشی*. ترجمه عیسی بهنام. چاپ دوم، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.
- ژورژ رو (1369) *بین النهرین باستان*. ترجمه عبدالرضا هوشنگ مهدوی. تهران، انتشارات آبی.
- سمیرا اصغرپور سارویی و غلامعلی حاتم (1390). بررسی تطبیقی گور دخمه‌های ماد و اورارتو. *فصلنامه علمی، پژوهشی هنرهای تجسمی نقش مایه*، سال چهارم، ش ٤، ل ٦٥ تا 72.
- عباس قدیانی (1388) *تدفین مردگان در ایران*. تهران، انتشارات آرون.
- علی اکبر سرفراز و بهمن فیروزمندی (1375) *ماد، هخامنشی، اشکانی، ساسانی*. چاپ دوم، تهران، انتشارات مارلیک.
- عیسی بهنام (١٣٢٠) *تاریخ و تمدن مردم فلات ایران*. تهران، چاپخانه مجلس.
- غلامعلی حاتم (١٣٨١) بیستون نظاره‌گر سرفراز گذشت قرون. *مجله گردش*. ش ١٦، ل ١٠٥ تا ١١٦.

- فریدون آورزمانی (1374) نگرشی بر فرهنگ و تمدن اورارتو. *نشریه پیمان*. ش ٥و ٦، ل 78 تا 89.
- مهدخت فرجامی راد (1389) پژوهشی نو در گاهنگاری گوردخمه قیزقاپان (کردستان عراق). *پژوهش‌های باستان شناسی مدرسی*. سال 2، ش 3، ل 7 تا 17.
- ولفرام کلیس (1348) معماری اورارتویی. ترجمه غلامعلی همایون. *مجله بررسیهای تاریخی*، سال ٤ ش ٤، ل 289 تا 312.

ماستەرنامی فارسی

- بریار احمد (1396) تحلیل باستان شناختی معماری ساسانی منطقه بین رودخانه‌های زاب کوچک و سیروان، دانشگاه تهران، گروه باستان شناسی، تهران.

**ئینگلیزی**

- Melkonyan, Monte (1995) *Urartian Rock-Cut Tombs : Description and Analysis*, Yerevan, Haykakan Banak Military-Scientific Journal.
- Pomeroy E, Bennett P, Hunt CO, et al (2020) New Neanderthal remains associated with the ‘flower burial’ at Shanidar Cave. *Antiquity*. 94(373), 11-26. doi:10.15184/aqy.2019.207

**دیمانە:**

- عبدالوهاب سلیمان حسن (١٩٨٢)، بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری سۆران، (دیمانەی تایبەتی تویژەر لە ٢٠٢٥/٤/٢٠)

# المقبرة الصخرية لقرية پريسه في منطقة بارزان
## *(النموذج المختار: المقبرة الصخرية رقم ثلاثة في قرية پريسه)*


**الملخص :**

تُعد المقابر الصخرية شكلاً مميزاً من أشكال المدافن، يتم نحتها في التكوينات الصخرية أو الجبال ، وتُستخدم لدفن الموتى. يهدف هذا البحث إلى دراسة الهندسة المعمارية لهذه المقابر واستكشاف طرق إنشائها. كما يركز بشكل خاص، وفقاً لما يشير إليه عنوان البحث، على المقابر الصخرية الواقعة في قرية پريسه ضمن قضاء مي**گه**سور، التابعة لإدارة سوران.

تعتمد منهجية هذا البحث على التحليل الميداني، إذ تستند بشكل رئيسي إلى العمل المباشر على المقابر الصخرية في قرية پريسه، وتحديداً المقبرة رقم ٣. وتجدر الإشارة إلى أن هذه المقابر لم تحظَ بأي دراسة علمية سابقة، مما يجعل هذه الدراسة أول بحث علمي يُجرى في هذا المجال ضمن هذه المنطقة. بناءً على ذلك، ترتكز معظم أعمال البحث على دراسة الميدانية، من خلال الفحص المباشر لجميع جوانب المقبرة. بالإضافة إلى ذلك، يعتمد البحث على مصادر تاريخية تناقش تطور المقابر الصخرية، التي يُرجح أنها تعود لنفس فترة مقابر قرية پريسه أو فترات أخرى.

تُبرز نتائج البحث النقاط المفقودة في تطور ممارسات الدفن، بدءاً من الدفن في الكهوف وصولاً إلى المقابر الصخرية في هذه المنطقة. وبصورة عامة، تمثل المقابر الصخرية شكلاً معمارياً حجرياً يمتاز بقدسية وقيمة دينية عالية. كما أن تأثير الثقافة والمعتقدات على التصميم المعماري لهذه المقابر يُعد من أبرز الجوانب المهمة في هذا النوع من الدفن.


**الكلمات المفتاحية :** العمارة الحجرية، المقبرة الصخرية، الدفن، قرية پريس

## پاشکۆی

## وێنەکان




وێنەی (1)

A) هەڵکۆڵینەکانی ئەشکەوتی شانەدەر لەساڵی ١٩٦٠ ؛ B) وێنەیەک لە هەڵکۆڵینە نوێیەکان ؛ C) هێڵکاری شێوەیی هەڵکۆڵینە نوێیەکان لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە.



وێنەی (2 ـ ئا)

گوندی پرێسە لەسەر ڕووباری زێی گەورە ـ گوگڵ ماپ




وێنەی (٢ ـ بێ)

پێگەی گوندی پرێسە لەسەر نەخشەی هەرێمی کوردستان ـ گوگڵ ما



وێنەی (٢ ـ پێ)

دیمەنی گوندی پرێسە لەسەر ڕووباری زێی گەورە ـ گوگڵ ماپ



وێنەی (3)
گۆڕدەخمەی ژمارە سێی گوندی پرێسە



وێنەی (٤)
دەرگای گۆڕدەخمە لە بەشی ژوورەوە



هێڵکاری وێنەی (٥ ـ ئا)
گۆڕدەخمەی پرێسە ـ تویژەر



هێڵکاری وێنەی (٥ ـ ب) بڕینی ئاسۆیی
پلانی گۆڕدەخمەی پرێسە ـ تویژەر



وێنەی (٦)
سەکۆی ناشتنی گۆڕدەخمەی پرێسە